هەرێمی کوردستان- عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی سەرچاوە مرۆییەکان
بەشی کارگێڕی

إقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية ادارة الموارد البشرية
قسم الادارة

Kurdistan Regional Government
Ministry of interior
( ISO 9001:2015 )

ژمارە : ٥٢١٢
ڕێکەوت : ٨ / ١٢ / ٢٧١٩ کوردی

NO :
DATE: ٢٠٢٠ / ٢ / ٢٧

## بەیانی ژمارە (١١)

**دوابەدوای هەر پێنج بەیانی ژمارە (٣،٥،٦،٨،١٠)ی تایبەت بە ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) و پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٩ و لەپێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :-**

**یەکەم:** - ڕاگرتنی پێدانی ڤیزە و هاتنە ژوورە بە هەڵگرانی پاسپورتی ئەم وڵاتانەی خوارەوە:

١. کوەیت.
٢. بەحرەین .

**دووەم :-** قەدەغەکردنی گەشت کردنی هەڵگری پاسپورتی عێراقی لە ڕێگای خالە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو وڵاتانەی کە لە بڕگەی (یەکەمی) سەرەوە دیاری کراون.

**سێ یەم :-** -ئەو هاوڵاتیایە عێراقیانە کە لە دوای (٢٠٢٠/١/١) سەردانی وڵاتانی (کویت ، بەحرین، تایلند، سنغافورە، ئیتالیا ، یابان ، کوریای باشوور ،چینن ئێران )یان کردووە لە کاتی گەیشتنیان بۆ دەروازە سنوورییەکانی هەرێم یان خاڵی پشکنینی نێوان هەریم وپارێزگاکانی تری عێراق ، ئەوا پشکنینی سەرەتاییان بۆ دەکرێت لەلایەن تیمە تەندروستییەکان ، دواتر ڕەوانەی کەرەنتین دەکرێن بۆ ئەو ماوەیەی کە لە لایەن وەزارەتی تەندروستی دەست نیشان کراوە.

**چوارەم :-** ئەو بیانیانەی کە لە دوای (٢٠٢٠/١/١) سەردانی وڵاتانی (کویت ، بەحرین، تایلند، سنغافورە، ئیتالیا ، یابان ، کوریای باشوور ،چین، ئێران )یان کردووە ریگایان پێ نادرێت بینە هەرێمی کوردستان .

**پێنجەم :-** ئەو بیانیانەی کە نیشینگەیان هەیە لەهەریم ڕێگایان پێ دەدرێت بێنە هەرێمی کوردستان هەرێمی کوردستان بە مەرجێك لە دوای ٢٠٢٠/١/١ سەردانی ئەو وڵاتانەی برگەی سی یەمیان نەکردبێت.

**شەشەم :-** شاندی فەرمی ودیبلوماتکارانی ئەو وڵاتانەی لە بڕگەی (یەکەم) دیاری کراون بەدەرن لە و ڕێکارانەی سەرەوە و بەرێزەوە مامەڵەیان لەگەل دەکرێت و لە لایەن تیمی تەندروستی تایبەتمەندەوە پشکنینیان بۆ دەکرێت لە خاڵە سنورییەکان و خاڵەکانی پشکنین لەنێوان هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی تری عێراق .

هەرێمی کوردستان- عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی سەرچاوە مرۆییەکان
بەشی کارگێڕی

Kurdistan Regional Government
Ministry of interior
( ISO 9001:2015 )

إقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية ادارة الموارد البشرية
قسم الادارة

ژمارە : ٥٢١٢
ڕێکەوت : ٨ / ١٢ / ٢٧١٩ کوردی

NO :
DATE: ٢٠٢٠ / ٢ / ٢٧

**حەوتەم :** - پێویستە ئەفسەری خاڵی سنوری پاسپورتی هاوڵاتی عێراقی و بیانی کونترول بکات بۆ دڵنیابوون لەوەی کە سەفەری ئەو وڵاتانەی نەکردووە کە لەم بەیانە دیاری کراون لەدوای ٢٠٢٠/١/١.

ڕێبەر احمد
وەزیری ناوخۆ

وێنەیەك بۆ :-

- سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان/ بو زانین لەگەڵ ڕێزگرتن.
- وەزارەتی داد/ ب.ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ بو زانین و کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە/ نوسینگەی بەرێز سەرۆکی فەرمانگە/ بو زانین و کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- سەروکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون ، بو زانین و کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- سەروکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ فەرمانگەی میدیا و زانیاری ، بو زانین و کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان / نوسینگەی ڕاوێژکار/ بو زانین، لەگەل ڕێزگرتن.
- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان / بۆ ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- بەرێوبەرایەتی گشتی ئاسایش/ هەولێر ، بۆ ئەنجام دانی کاری پێویست لەگەڵ ڕێزگرتن
- گشت پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان، بو زانین و کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- بەرێوبەرایەتی گشتی ئاسایش / بۆ زانین، لەگەل ڕێزگرتن.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێمی کوردستان / بۆ زانین، لەگەل ڕێزگرتن.
- دەروازە سنوورییەکانی (ابراهیم خلیل ، حاجی ئومەران ، باشماخ ، پەرویز خان ، سەرزێر) و هەر دوو فرۆکەخانەی نێودەڵەتی هەولێر و سلێمانی / بۆ زانین وئەنجام دانی کاری پێویست ، لەگەل ڕێزگرتن. .
- نوسینگەی بەرێز بەرێوەبەری گشتی دیوان / بوزانین، لەگەل ڕێزگرتن.
- بەرێوبەرایەتی ڤیزە لە دیوانی وەزارەت/ بۆزانین و کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- بەرێوبەرایەتییەکانی نشینگە لە پارێزگاکان / بوزانین و کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- خولاو.